کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-12-2007 21:29بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## گەندەڵی و بەدڕەوشتی لە دیدی کۆمەڵگەدا ... کاکۆ عەبدوللا

بێگومان ئەم دوو وشەی سەرەوە دەچنە خانەی قسەی ناشیرن و جنێو، بەڵام مەبەستەکە لێرە ئەوەیە کە کامەیان گەورەتر و کاریگەری ڕاستەوخۆی نەگەتیفی لەسەر تاکی ناو کۆمەڵگەی ئێمەوە هەیە؟



دەتوانین بلێین وشەی بەدڕەوشتی یا بێئەخلاقی سەرنجی ئێمەمانان بۆ لای بەئەنجام گەیاندنی کارێکی سێکسی لە نێوان نێرو می یا نێر و نێر یا می و می (کەئەمەی دواییان ڕەنگە لە ناو ئێمەدا هەر نەبێت) لە دەرەوەی یاسای کۆمەڵگە و وڵات ڕادەکێشێت.

گومان لەوەدانیە بەدڕەوشتی کارێکی دزێو و ناشیرنە و لە لایەن هەموو میللەتانی جیهان ڕتکراوەتەوە و کەسانی ئەنجامدەر تا ئاستێك لە ناو کۆمەڵگە پەراوێز دەکرێن و بە کەسانی نا سروشتی لە قەڵەمیان دەدەن، بەڵام لێرە پرسیار ئەوەیە بۆچی ئەم کارە لای ئێمە بەشی شێری لە نابەجێیی و گەورەیی قەبارەی بەرکەوتوەو بە نەشیاوترین و دزێوترین کاری مرۆڤ دادەنری و هیچ کارێکی تری خراپی مرۆڤ لە سەروی ئەم کارەوە نیە و توندترین سزاشی لەسەرە؟

لە گەڵ نەشیاوی و نارێکی ئەم کارە (کەهیچ بێنەو بەردەی لە سەرنیە)، بەڵام جگە لە خودی ئەنجامدەرانی بەدڕەوشتی، کاریگەریەکی ئەوتۆی نەگەتیفی نیە نە لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگەو وڵات و زیانێکی ئەوتۆیان پێناگەیەنی لە ڕوی مەشاریعی ستراتیجی سیاسی و ئابوری و ئاسایشی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی چونکە ژمارەی خەڵکی بەدڕەوشت لە ناو زۆربەی هەرە زۆری میللەتانی جیهان زۆر کەمن و لە زۆربەی نەتەوەکان بە پەنجەی دەست ئەژمار دەکرێن.

لێرەدا ئەرکی کۆمەڵگە ئەوەیە ئەو کەسانەی کە لەسەر هێڵی گشتی یاسای ژیان لایانداوە، بە ئامۆژگاری و شیکردنەوەی لاینە خراپەکانی ئەم کارە بۆیان و لە هۆکاری ئەم کارەیان بکۆڵنەوەو یارمەتیان بدەن بە گەڕاندنەوەو تێکەڵ بونەوەی دووبارەیان بە کۆمەڵگە و داب و نەریتەکانی، نەك هەرەشەو تۆقاندن و سزای کوشتنیان بەسەر بسەپێنن، کە بە داخەوە لە ناو ئێمە دەرکردنی سزایەکی ئاوا بۆ ئەم جۆرە کارانە بۆتە ئاو خواردنەوەو بە چاو نوقانێك جی بە جی دەکری، بەڕاستی جێگای سەرنج و داخە لەم سەردەمە و بە بی گوێدانە هیچ بەهایەکی مرۆیی و یاسایەکی نێونەتەوەیی، لەشێوەی سەدان ساڵ لەمەوبەر و بە یاسای جەنگەلستان مرۆڤێك بە نوێژی نیوەڕۆ و لەبەر چاوی خەڵك سارد بکرێتەوە و ئەنجامدەری تاوانەکەش بە بی سزای گەل و نیشتیمان وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچی و بگرە حیسابی کەلەمێریشی بۆ بکری، ئەمەو جگە لە دەستدانی ژیانی ئەم مرۆڤە لەسەر هەڵەیەك، پاش مردنیشی هەر بەنەفرەت و تف باراندەکری لە لایەن کۆمەڵگەوە (کەچی لەناو کوردەواری دەڵێن شەیتان دەست لە مردو دەشواتەوە)، لەمەش ناخۆشتر کەس و کاری بێ ئاگاش لەم کارەی سەرپێچیکار بەر توانج و نەفرەت دەکەون و بە چاوێکی نزمەوە سەیر دەکرێن.

بێگومان نەمن و نە هیچ کەسێکی تەندروست لە مێشك دەتوانی داکۆکی لە کەسانی بەدڕەوشت بکات چونکە بە ئاشکرا دیارە کارێکی نابەجێ یە، بەڵام مەبەستی من لێرە ئەوەیە بۆچی بەبی لێپرسینەوە و سی و دوێك و لە پشتی یلساوە سزای کوشتنیان بە سەر بسەپێنری، لە هەمان کاتدا تاوانی زۆر گەورەتر و ترسناك تر هەیە کەچی نەك هەر سزاکەی زۆر لە سزای بەد ڕەوشتی بچوکترە بەڵکو هەر سزاشی بۆ نیە) مەبەستم سزای گەلە. (

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یەك لەو نمونانەی کە زۆر لە بەدڕەوشتی گەورەتر و ترسناك ترە ئەویش گەندەڵیە بە جۆرەکانیەوە، وشەی گەندەڵی کە لەم دواییانە لە میدیاکان و لەسەر زاری خەڵك ڕۆژانە دەبیستری، دەتوانین بەم جۆرە پێناسەی گەندەڵی ماددی بکەین، ئەویش کە شوێنی کار بەکاربهێنری بۆ بەرژەوەندی و بەدیهێنانی ئامانجی تایبەتی تاکە کەسێك کە زیاتر پەیوەندیدارە بەدەستکەوتی ماددی و مەعنەوی بە ڕێگایەکی ناشەرعی و لە سەر حیسابی گەل و بی گوێدانە هیچ بەهایەکی مرۆیی.

دیارە گەندەڵی هەموو شوێنێکی جیهانی گرتۆتەوە بەڵام بە ڕێژەی کەم و زیاد لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر، بێگومان وڵاتی عێراق و ئەم هەرێمەی خۆشمان وەکو ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە دوور نیە لەم پەتایەو بەشی شێری لەم دیاردە ترسناکە بەرکەوتوە، کە بە ئاشکرا میدیاکانی دەرەوەو ناوەوە تەنانەت سەرکردەو لێپرسراوانی وڵاتیش نکوڵی لێناکەن و بگرە سەرقاڵی چارەسەرکردن و لیژنەی نەهێشتنیشی بۆ دادەمەزرێنن.

گەندەڵی تایبەت نیە تەنها بە دام و دەزگا حکومی و حیزبیەکان بەڵکو لەناو کۆمەڵگە و بازاڕە گشتیەکان و پیشە و کارە جۆراو جۆرەکان و تەنانەت گەیشتۆتە ناو خێزان و بە شێوەیەکی بەر بڵاو گەشەی سەندوە.

هەریەك لە ئێمەمانان لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا ئەستەمە ئەگەر جۆرێك لە گەندەڵی بەر چاو نەکەوێت ئینجا چ لە کڕینی کەل و پەلی ڕۆژانەی ماڵ بێت کە بە جۆرەها ڕێگا فرت و فێڵی لەگەڵ دەکرێ، هەر لە جۆرەکەیی و پارەکەیی بگرە گوێ پێنەدان یاخود دەستکاری بەرواری بەسەرچووی کەرەستەی خواردن، کە ئەمەیان کارێکی زۆر ترسناکە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیان و تەندروستی مرۆڤەوە هەیە.

بازگانانی ماددە بێهۆشکەرەکان ترسناکترین کەسایەتین لەسەر مرۆڤایەتی و میللەت و وڵاتیش لە زۆربەی ڕووەوە بەرەو لادان و هەڵدێر دەبەن.

هەندێك لە مەلاو پیاوانی ئاینی یا حیزبی توند ڕەوی ئیسلامی بەهۆی چەوتی مامەلەو سیاسەتیان کە خەڵك و بەتایبەتی گەنج چەواشە دەکەن بەرەو جیهاد و خەڵك کوشتن، وەیا مێشکی خەلك بەبیری سەیرو سەمەرە گۆش دەکەن بە بەرەو ئاقاری ئەفسانەو غەیب، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا وا لە میللەت دەکات بیر لە زانست و بەرەو پێش چون نەکاتەوە.

شەریکایەتی یا پشکی دکتۆر لە دەرمانخانەو تاقیگە تەندروستیەکان کە جار وایە بەبی پێویستیەکی ئەوتۆ پشکنینی تاقیگە داوادەکات، یا گرانجانی نۆرینگەیان یا ئەنجامدانی نەشتەرگەری نا پێویست لە نەخۆشخانە تایبەتەکان.

بە کارهێنانی کەل و پەلی خراپ و بی کەلك لە لایەن مقاول و چاوپۆشینی لەلایەن ئەندازیاری سەرپەرشتیکاری سەر مەشروع.

ئەمانەو بەدەیان و بگرە بە سەدان نمونەی تری گەندەڵکاری کە کاریگەری خراپی ڕاستەوخۆیان لە کاتێکی نزیك یا دوور لەسەر ژیانی مرۆڤ دەبێت هەیە و دەتوانین بڵێین کوردستان بۆتە گەندەڵستان.

ئەوەی لێرە مەبەستە ئەوە نیە کە کێن ئەوانەی گەندەڵی دەکەن و ڕێژەی گەندەڵکاران لە وڵاتی ئێمە چەندە، بەڵکو سەرنج و هەڵوێستی کۆمەڵگایە بەرامبەر بە گەندەڵکاران، کە زۆر بەداخەوە گەندەڵی لە لای ئێمەوە بە دیاردەیەکی سادەو ساکار سەیر دەکری و بە کارێکی دزێوی گەورەو ترسناکی ئەوتۆ لەقەڵم نادری و نایەتە قالبی تاوان و سزایەکی ئەوتۆی کۆمەڵایەتی لەسەر نیە، بە پێچەوانەوە کەسێکی پارەدار لە ڕێگەی گەندەڵیەوە ڕێزی زیاترە لە یەکێکی پاکی بی سەروەت و سامان لە لایەن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

زۆربەی خەڵکەوە، لەمەش زیاتر کەسی گەندەڵکار بە هۆی بەکورترین کات کۆکردنەوەی سەروەت و سامانەکەی بە کەسێکی زیرەك و کارامە لە قەڵەم دەدری.

سەیر و سەمەرەکە لەوەدایە کەسێکی بەدڕەوشت کەتەنها زیانی بۆ خودی خۆی هەیە کەچی لە لایەن کۆمەڵگەوە سزای کوشتنی بەسەر دەسەپێنری، بەڵام خەڵکانێك هەن لە ڕێگەی گەندەڵیەوە میللەتێك و وڵاتێك بە جۆرێك لە جۆرەکان و بەڕاستەو خۆ و ناڕاستەو خۆ بەرەو هەڵدێر و کارەستی ئابوری و مرۆیی ببەن، کەچی هیچ سزایەکی گەلیان لەسەر نەبێت!

kako_k67@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.